

شێرزاد حەسەن (چیرۆکنوس)، بۆ "ڕەخنەی چاودێر":

# نووسین هەوڵێکی بەردەوامە بۆ هەڵکۆڵینی ڕۆح و چوونە ناو ئەو بیرە تاریکەیە کەپێی دەوترێت تەمەن و گەڕانە بەدوای گەوهەری خەمێکی بزربوو کە تا هەنووکە نەمدۆزیوەتەوە

سازدانی: ئاسۆ هاشم

بەشی دووەم

ئەوەی کە لەگوێی مندا وەک زرنگانەوەی هەزاران زەنگی فیگاری و خەم دەزرنگێتەوە گریانی نەبڕاوەی دایک بوو، سەردولکەو لاواندنەوەکەی کەرۆحی دەردەهێنام لەوەختی لانک ڕاژەندندا، دەتوت فرچکی بەخەم کراوەتەوە، هەمیشە ئامادە بوو بچێتە هەموو پرسەکان و تێر بگری. بەپێچەوانەوەی باوکم کە دڵی لەبەرد داتاشرا بوو، هەرگیز نە دەگریا، بۆ یەکەمجار کەبینیم گریا ئەوکاتە بوو کە لەسەرەتای شەستەکان دەردە ئەسپ و هێستر بڵاوبۆوەو (ئەسپە بۆرەکەی) باوکم مرد، ئەو پیاوە ئەسپەکەی خۆی لەمنداڵەکانی خۆشتر دەویست، دوای مەرگی ئەسپەکەی بەچەندین ساڵ بەبێ شەرم و شانازییەوە دووبارەی دەکردەوە کەئەسپەکەی لەهەمو دونیا خۆشەویستر بوو، تا مردنیش داوای دەکرد کە ئەو وێنانەی ئەو بپارێزم کە لەگەڵ ئەسپەکەیدا گرتوویەتی.

ئەو وێنەیەی باوکم کە لەخەیاڵی مندا زۆر زەق ماوە، دانیشتنی هەمیشەی ئەوە لەسەر مێزی قومارو تاوڵەو دۆمینە، هەموو قومارو گەمەکانی دەزانی، زۆر شانازی دەکرد کە پوولەکانی دۆمینەو کاغەزی قومارەکان دەنێو دەستی بەرانبەرەکانی دەناسێتەوە. کە دەیدۆڕاند تووڕەو داخدارانە بیانوی پێدەگرتین و هەر کامەمانی دەست بکەوتبایە زەبری کوشندەی پێدەگەیاند، لەدایکمەوە تا چکۆلەترین منداڵ. هەر لەشەوێکی دۆڕان و داخداری خۆی بوو کە بەرگەی گریانی خوشکێکی کۆرپەلەمی نەگرت کەنەخۆش بوو، ناشیرینترین شەوی پڕ لەخەم و گریان و خنکانی ئێمە، (پەروین)ی ناو بوو، لەیادمە کە دەیوت - زارۆک.. ئەو مندارەی کڕکەوە..!

ئەو کچە نەخۆشەی هەڵگرت کەهێشتا مەلۆتکە بوو.. وەک ئەوەی گندۆرەیەک بدا بەدیواردا.. دای بەدیوارەکەو مرد.. تا بەیانی گریانی بەدیار گریانی دایکمەوە، هەڕەشەشی لێکردین کەلای کەس نهێنی مەرگەکەی نەدرکێنین و بڵێین بەدەردی خودا مرد!

من نووسەرێکی بێ بەهرەو توانام، هەموو جار ئەوەم وتووە، چونکە هێشتا نەمتوانیووە گوزارشت لەخەم و کارەساتی ناو ماڵەکەی خۆمان بکەم.. هەرچیم کردووە جگە لەگەمەی نووسین و هەوڵێکی ناکامڵ و شەرمنانە هیچی دیکە نین، نووسین هەوڵێکی بەردەوامە بۆ هەڵکۆڵینی ڕۆح و چوونە ناو ئەو بیرە تاریکەیە کەپێی دەوترێت تەمەن و گەڕانە بەدوای گەوهەری خەمێکی بزربوو کە تا هەنووکە نەمدۆزیوەتەوە، دەست لێدانە لەو چینە برینداراانەی ڕۆح، داهێنانی ڕاستەقینە هاوشانی ئەو ڕۆژگارە ڕەشانەیە کە نە ژیاوین، هەروەک چۆن ڕۆحی شەڕانگێزو وێرانکەر هاوتای ئەو ژیانەیە کە دەبوو خۆش بژین.. کەچی هەرگیز نەژیاین و خۆش نەگوزەرا. لەم ماوەیەدا بیرم لەوە دەکردەوە بەنووسینی چیرۆکێک باس لەو شەوەی مەرگ و کوشتنی (پەروین)ی خوشکم بکەم. بەڵام دوای دەیەها ساڵ هەر بۆم نەکراوە، وا هەستدەکەم من لەنێو گەمەی نووسیندا زۆر گەڕاوم بۆ ڕاوکردنی خەیاڵ، بەڵام خودی ئەو ژینە جەهەننەم ئاسایە چ پێویستی بەخەیاڵە، ڕەنگە ئەوە یان ترس و بێ بەهرەیی خۆم بێت یان حەقیقەتێکی تاڵ کە بڕوام پێیەتی!

هەمیشە ماڵەو ماڵ، ژیان بەکۆڵەوە، کرێ گرتە بووین تا تەمەنی هەرزەکاری، پاشان بووین بەخاوەنی یەک ژوور، هەر نۆ مانگ جارێک.. منداڵێکمان دەبوو، لەو یازدە منداڵە، دایکم وتەنی: خودا نەسرینی خوشکمی خۆشویست بۆ خۆی بردەوە (پەروین)یش باوکم لەشەوێکی دۆڕاندا ناردییەوە لای خودا، هەمیشە کە دایکم دەیویست خەم و ترسی من بڕەوێنێتەوە، وەک دوو پەپولە یان فریشتەی چکۆلانەی بەهەشت وێنای دەکردن. (نۆ) منداڵ و دایک و باوکم کەهێدی هێدی لەناو دەردو دوو. خەم و گریان و ئاژاوەو بەڵای ناگەهاندا گەورە دەبووین، جێمان نەدەبۆوە، بەتەنها یەک لێفەی شڕمان بەخۆمان دادەدا،

لێفەیەکی هیلاک کە کت و مت لەو لێفە شڕە دەچوو کە (قانع)ی شاعیر زەمانێک بەرلەوەی من لەدایکبم لەشیعرێکی خۆیدا وەسفی ئەو لێفە شڕەی خۆی کردووە، یەکەمین شیعر کە کاریگەرییەکی ئەزەلی لەمن کردو وای لێکردم خەون بەوەوە ببینم زوو گەورە بم و وەک (قانع) ببمە شاعیر



چیرۆکنوس شێرزاد حەسەن

فۆتۆ: سۆران نەقشەبەندی

وەسفی سیحراوی ئەو لێفە شڕە بوو، من ئەوساو ئێستاش بەسرودە نیشتمانیەکان غەریب

**هەقایەتی منداڵی بێ هەقایەتی گەورەکان کە دڵڕەقانە مامەڵەیان لەتەکدا دەکردین هیچ مانایەکی نییە، هەقایەتی زەبرو زەنگی باوکەکان و مەلاکان و مامۆستاکانی قوتابخانەو وەستاکان لەسەر دواکەوتن لەهێنانی جامە ئاوێک، یان لەبەر نەکردنی دوو ئایەتی قورئان و لەبیرچوونەوەی خشتەی لێکدان**

بووم، کەتۆ ژیانت ناشیرین و پڕ گریان بوو "خوایە وەتەن ئاواکەی.. چەند دڵگیرو شیرینە" چ مانایەکی هەیە؟! یان (خاکی گەوهەرە.. ئاوی کەوسەرە) مانای چی؟ ئاخر من قۆناغی سەرەتاییم تەواوکردو سەد جاران بەقوڕگی دڕاوەو بەسکی برسی و بەرگێکی پڕ لەپینەوە کەپتر لە (داهۆڵ) دەچووم ئەو سروودەو سروودەکانی دیکەم دەوتەوەو تێیان نەگەیشتم.. چونکە من لەبرسانا بەس زبڵم نەخواردووەو چوزانم (گەوهەر) چییەو ئاوی (کەوسەر) وا

**هەمیشە ماڵەو ماڵ، ژیان بەکۆڵەوە، کرێ گرتە بووین تا تەمەنی هەرزەکاری، پاشان بووین بەخاوەنی یەک ژوور، هەر نۆ مانگ جارێک.. منداڵێکمان دەبوو**

لەکوێ.. کە ماڵو مەکتەبەکان لەوڵاتی مندا جەهەننەمی گەورە بن.. بۆ منداڵێکی برسی و ترسنۆک و شەرمن و زەلیل بەدەست گەورەکانەوە چۆن چۆنی (خودا وەتەن ئاوەدان دەکاتەوە) و چ نوکتەیەکی ناشیرینە

لەگۆڕەپانی چیمەنتۆ کراوی قوتابخانەکاندا هاوار بکەیت (چەند دڵگیرو شیرینە!) لەکاتێکدا ئاوڕ دەدەیتەوە مامۆستا وەک شوانی دڵڕەقی مەڕو بزو حەیزەران و داری هەڵگرتووە. منداڵی من وەک زۆربەی منداڵی هاوەڵەکانم هاتوچۆیەکی بەردەوامبوو لەنێوان دۆزەخی ماڵ و دۆزەخی مەکتەب، هەڵبەتە هەندێک لەهاوەڵەکانم

لەگەڕەکی (کوران و کلگەند) کەم و زۆر لەمن بەختەوەرتر بوون، هەشبوون لەمن پەڕپووتتر، کوڕەکان پتر لەسەگە بەرەڵڵا دەچووین و کچە هاوزاکانمان پتر لەچەند مەلێکی بەندکراوی ناو قەفەز دەچوون.

تا هەنووکەش لای من ئەو شیعری (لێفەشڕە)ی -قانع- ی شاعیر هەمان سیحری جارانی ماوە کە مانای هەموو سروودەکانی بەتاڵ کردەوەو گومانێکی چکۆلەی لەلام دروست کرد، کە نیشتمانی ناو سروودەکان خاکێکی دیکەیە کەئێمە تا هەنووکەش نەماندۆزیوەتەوە.. هەر ئەو گومانە سادەیە گەورە بووەو وام لێدەکات هەمیشە تووڕەو غەمگین بم (ئێدگار ئالن پۆ) وتەنی ئەوە ژیانێک بوو کەپتر لەگرانەتایەک دەچوو کە هەرگیز لێت نەبێتەوە.. حەز دەکەم لێرە بوەستم چونکە هەم خۆم ماندووتر دەبم و هەم خوێنەریش.. گەر هێزم هەبێ چ دەنێو چیرۆکی دیکەو چ وەک یاداشت و سەرگوزشتە باس لەو سەفەرە درێژە دەکەم کە وەک ڕووبارێکی سووتاو بەناو جەهەننەمدا ڕێی دەکردو کەس بەمەرگی ئەو هەموو ماسییانەی نەدەزانی کە هەریەکەو تامی تاڵی خوێناو لەزاریدا لەویدیکە جیاواز بوو، نووسینەوەی ئەو هەموو فرمێسک و دڵۆپانەی شەوانی زستان لەخەوی دەکردین چ ئەرکێکی کوشندەیە.

هەقایەتی منداڵی بێ هەقایەتی گەورەکان کە دڵڕەقانە مامەڵەیان لەتەکدا دەکردین هیچ مانایەکی نییە، هەقایەتی زەبرو زەنگی باوکەکان و مەلاکان و مامۆستاکانی قوتابخانەو وەستاکان لەسەر دواکەوتن لەهێنانی جامە ئاوێک، یان لەبەر نەکردنی دوو ئایەتی قورئان و لەبیرچوونەوەی خشتەی لێکدان و یان دوو دێڕ شیعرو یان لەسەر جیاوازی نەکردن لەنێوان چەکوش و دەرنافیس بەس بوو ئەو ڕۆژەمان لێ تاڵ و بەتاڵ بکرێت..

وابزانم نووسەری ئێرانی - سەمەدی بەهرەنگی - یە کە دەڵێت. "هەموو کەس خۆزگە بەسەردەمی منداڵی دەخوازێت.. بێجگە لەمن..!" دەکرێت من هەمان هەستم هەبێت و هەمان ڕستە لەو نووسەرە قەرز بکەم.. لەدوا پەرەگرافی قسەکردن لەسەر منداڵی هیلاکی یادەوەری ناخۆش و ناشرین ماندووم دەکات و ئێوەش ماندووتر دەکات.. منداڵی و هەست و سۆزێکی وەها تێکەڵ و قەڵەباڵغ و پڕ لە هەڵچوون و داچوون.. بەتەنها ڕۆحی شیعر دەڕۆستی دێت و دەتوانێت فریامان بکەوێت.. شیعر کە چڕکردنەوەی ماناکان و ئازارەکانیشە.. (فروخی فروخزاد) واتەنی: ئەگینا چۆن خۆر بەو هەموو گەرمی و ڕۆشناییەوە لەناو دڵۆپە شەونمێکدا دەبرسکێتەوە؟! شیعرو شەونم هاو - واتای چڕکردنەوەن:



## ئەربائیلۆ

### دەقی: شێرزاد حەسەن

لەوێ.. لەژوورێکی بێ پەنجەرە.. سەربانی
سەرەندو بێژنگ
ژوورێک.. تەنگو تاریکو ڕەش داگەڕاو..
ژوورێک لەژوورەکانی دۆزەخ کە خودا..
بەڕێکەوت لەدەستی کەوتبێتە خوارێ..
لەدایک بووم..!
لەوێ.. لەکۆڵانێکی تەنگەبەر.. مناڵیم بێ گەمە
سووتا..
کۆڵانێک تەنگتر لەڕەحمی دایکم..
ئەربائیلۆ.. بەپیرە قەڵات بڵێ:
"ئەی پیرە کیسەڵی لەپەو ڕوو کەوتوو
من خۆزگەمە هەر جارەی کە دێمەوە
ببینم: هەر تەنها بستێک لەجێی خۆی بلەقێ..
بجوڵێ..!
ئای کە مێژو درۆزنە: لەسەر پشتی ئەو پیرە
کیسەڵە
داریوش و ئەسکەندەرو ئەسپەکانی مەغوول
خلیسکان
بەچی دەچێ..
کە مناڵە چەتوونەکانی قەڵا سەدو یەک جار منیان
بەزاند..
کێ ئیمڕۆ ئەو "مەکتەبانە" دەبینێ
کە لەگەڵ هەر حەرفێکو سروودو ئایەتێک
مامۆستاکان جامێک تفو فەرهەنگێک جنێویان..
پێ دەبەخشین
تۆ بۆ من جگە لەچایخانەیەکی پڕ لەچڕە دووکەڵ..
هیچی تر نەبوویت
لەوێ بوو.. باوکمان خەون و خەندەو حەکایەتی
شەوانی ئێمەی..
بەدەستێ ئەزنیف دەدۆڕاند..!
تۆ ئەو کچانە بوویت..
لەبەردەمتا خۆمم دەکرد بەنوکتەو پێ نەدەکەنین
ئەو کچانەی مەگەر بەڕێکەوت لەپاسێکدا بمدیبان
بەخۆیان و کۆڵێ کتێبی شەرمنەوە
ئەو کتێبانەی بێ مروەتانە سینەو بەرۆکی ساوای
ئەوانی
لەمنی کەڕو لاڵ دەشاردەوە
تۆ شەمەندەفەری ئەو خەونە زڕەم بوویت..
خەونی سەفەرو تا ئەبەد دانەبەزین
کەچی هەمدیس دەستخەڕۆت کردم
وێستگەی خەونەکانم هەنووکە زیندانی لۆتی و
چەتە بەستەزمانەکانتە
وای لەو شەمەندەفەرە غەمگینەی من.. ئافەرۆز..
ژەنگ گرتوو
بێ هوودەش باران بەسەریا دادەکا
هەرکە دێمەوە دوعا دەکەم..
خوا هاوار ڕووخابێ منارەی چۆلیم.. یا بستێکی دی
باڵای کردبێ
کێ ئەو پیاسە پڕ لەقەهرانەی عومری جحێڵیم
دەبینێ
ئەو شۆستە هیچانەی من فرمێسکی پەنهانم
بەسەردا ڕشتن
کەبێ قاچ، بێ سەر، بێ دڵ دەگەڕامەوە ماڵێک..
کە تاشەوخەوتنان دوو دوژمن تیایدا دەجەنگان..
ئێمەش دەبووین بەتیرو کەوان و قەڵغان..
جارێ کوژراوو.. جارێ بریندار
کۆشکە هەرە ڕازاوەکانت من بەردم تیا کێشان..
بگەڕێ.. هەنووکەش فرمێسک و ئارەقەو..
هەناسەی ساردم وا لەوێ
تف لەو گەڕەکە فێنکانەت کە چلوورەکانی منیان
دەتواندەوە
بە لەعنەت بن ئەو گەڕەکە کپ و خامۆشانەت..
کە لەهەراو ژاوە ژاوی نێو کەللە ساواکەی من..
تێ نەدەگەیشتن
بڕوخێن ئەو مامۆستایانەت..
کە نەیان دەزانی بۆ نینۆکمان هێشتۆتەوە..
لەسۆنگەی ئەو گوناهە کەبیرەیە بەیانیانی سارد
فەلاقەیان..
دەکردین
کێ سەرو قژی بەخورشت و ئاو نەدیومانی
دەدی..؟!
من زۆر وەڕسم لەو پیرە کیسەڵەی نە مردووەو..
نە هەزار ساڵە بجووڵێ..!
هۆشاری شوورە - گۆڕستان..
هەر گۆڕێکت لەتە ڕۆحێکی جێماوی منە نێژراوە
مناڵیم هەر هەمووی باڵا گەردانی کێلی پیاو
چاکەکانت بوو
چ حەسرەت کێشانە بەدیار ژنە ڕەشپۆشەکانتەوە..
هەڵدەتروشکام
بۆ مرازی زۆر شەرمنیان بەردیان بەکێلی مەزاری
"سستی ئیمام"ەوە دەنووسان
تۆ بۆ من ئەو بەردە نامەردە بووی
کە قەت نەبوو جارێ بەدرۆش بەکێلێکەوە
بنووسێی..
بقرسێی..!
وەی لەمەملەکەتی قەیرەو بێوەژنەکانت..!
دڵم تەنگە.. کوان ئەو چوار خوداوەندەی باپیرەم
دەیپەرستن
کوا پەرستگایەکی داڕماوی ئەوان..
تا منی ماڵ بەدەرو شاربەدەر بۆ تەنها شەوێ تیا
بسرەوم؟
دڵم تەنگە.. ئەم سەفەرە کە هاتمەوە..
بەکۆڵانە خنکاوەکانت بڵێ با تۆزێ بەرینتر بن
سەربانەکانت بستێک بڵندترو
شەقامە شێتەکانت تۆزێ چۆڵتر
سەرم گێژە..
با شۆڕشی نێو چایخانەکانت کەمێ خامۆشتر
ئەو جحێڵانە قومار لەسەر عومری کێ دەکەن..؟
مەستو ماندوو.. مردووەکانت.. لەداخی کێیە
هەموو شەوێ خۆ دەکوژن..؟
تۆ ئەو کچە خۆشناوە بوویت سمێڵم گووگرە
نەبوو..
شەیدات کردم
کەچی هەنووکەش بێوەژنێکی ساڵانە ئەو تاقە
کراسەی لەبەرتایە
لەخومی دەگریت..
هەمیشە نائومێدم دەکەی.. هەمیشە
جار نییە نەیەمەوە دارستانێکت سەفەری ئەبەدی
نەکردبێ
پەیکەری شەهیدێکت گوللەی وێڵی بەرنەکەوتبێ
تەواو.. بەسەرچوو سەردەمی کچە پاکیزەکانت
ئەو کچانەی لەخەوەکانیشما خۆیان بەدەستەوە
نەدەدا..!
بەسەرچوو سەردەمی کوڕە دڵپاکو جوامێرو
چەلەنگەکانت..!
بمبەخشە..
با بمبەخشن گشت درەختی نێو دارستانەکانت
مناڵێکی بێ غیرەت بووم..
نەجۆلانەیەکم تیا هەڵبەست، نەچۆلەکەیەکم
کوشت و
نەهێلانەیەکم نغرۆ کرد.. نەرۆژێ پیا هەڵگەڕام
با بمبەخشن.. هەر هەموو چەم و ڕووبارەکانت
نەماسی یەکەم تیا گرتن.. نە ڕۆژێ مەلە
با بمبەخشن ئەو قەیرە کچانەی ساڵانێکە کەزی
سپی دەهۆننەوە
منم گوناهبار.. منی کەڕو بێ زبان.. لەداهۆڵو
مردووتر لەسەر کێڵگەکان
نەموێرا.. نە ببمە مێردو.. نە دەستگیران
لە بێستانەکانت ویستم شەمامە بم
چەشنی بڕکە گندۆرەی زڕ دەریان کێشام
بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکانت
(عیسا)یەکی سەر خاچت بم
چ بێ هوودە بوو خوێن ڕژانم
ئاخ.. من عومری جوانیم.. لەوێ.. لەکۆلیتی
مریشەکانت
بەجێ ما..
ساتانی هێلکە دزین..!
لەو کۆڵانانەی بەپێچ و لوول بوون وەک گەردەلوول
لەکولانەی ئەو سەگانەی وەدەرم دەنان..
تا خۆم بۆ تاوێک تیا بسرەوم..!

پەراوێز:
١-ئەربائیلۆ: ناوی کۆنی هەولێر کەواتای چوار خوداوەندکە دەگەیەنێت
٢-مەزاری (ستی ئیمام).. چاکێکی دێرینە لەهەولێر کە کچان و ژنان پتر بۆ ڕازو نیازو مراز دەچنە سەری■